**No.**:19287
**Date**: August 19, 2024

ژمارە : ١٩٢٨٧
ڕێکەوت : ١٩ / ٨ / ٢٠٢٤
٢٧٢٤ کوردی

**بۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ سلێمانی/ دهۆک/ هەڵەبجە/ سۆران/ ڕاپەڕین/ گەرمیان/ زاخۆ/ کۆیە**

**بابەت/ ئاوەڵەی مەیموون**

لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی هاوڵاتیان لە مەترسی نەخۆشی ئاوڵەی مەیموون کە نەخۆشیەکی هاوبەشە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، کاری پێویست ئەنجام بدەن بە پەیڕەوکردنی گشت ڕێکارەکانی ئامادەکاری و خۆپارێزی بۆ ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشیە، وە لەخوارەوە زانیاری پێویست دەربارەی ئەو نەخۆشیە دەخەینە ڕوو:

## زانیاریــە گرنگەکان:

- ئاوەڵەی مەیموون نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە کە سەرچاوەی ئاژەڵییە و لە ئاژەڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ.
- نیشانەکانی هاوشێوەی ئاوەڵە دروست دەکات، بەڵام توندی کەمترە.
- ئەم نەخۆشییە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٨ لە مەیموونەکاندا دۆزرایەوە، یەکەم حاڵەتیش لە منداڵێکدا لە کۆماری کۆنگۆی دیموکرات تۆمارکرا لە ساڵی ١٩٧٠.
- نەخۆشییەکە خۆی کۆتایی پێدێت (نەخۆشی خۆسنووردار) (Self-limited disease) نیشانەکانی لە (٢-٤) هەفتە دەخایەنێت، لەگەڵ ئەگەری توندبوون لە هەندێک گروپی مەترسیدار، وەک منداڵ، ئافرەتی دووگیان، و ئەو کەسانەی کە سیستمی بەرگری لەشیان لاوازە، لە حاڵەتە سەختەکاندا، لەوانەیە ڕێژەی مردن بگات (٣-٦٪).
- بوونی تەنها حاڵەتێک لە ناوچەیەک کە نەخۆشییەکەی تێدا نەبووە پێشوتر بەپێی پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) بە پەتا دادەنرێت.
- تووشبوونی مرۆڤ کە بەهۆی سەرچاوەی ڤایرۆسەکە لە ڕۆژئاوای ئەفریقاوە تووشی نەخۆشییەکی سووکتر دەبێتەوە بە بەراورد بەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی سەرچاوەی لە کۆنگۆوە دروست دەبن.
- ڕێژەی مردنی حاڵەتەکان ٣.٦٪ بووە، لە کاتێکدا لە کۆنگۆ ١٠.٦٪ بووە.
- هۆکاری تووشبوون بە نەخۆشییەکە بەهۆی ڤایرۆسی ئاوەڵەی مەیموونەکانەوە دروست دەبێت کە سەر بە جۆری Orthopoxvirus، خێزانیPoxviridae .
- ڤایرۆسەکە دەگوازرێتەوە بۆ چەندین جۆری ئاژەڵ، گۆشتی کەم کوڵاو و بەرهەمە ئاژەڵییە تووشبووەکان بە هۆکاری مەترسیدار دادەنرێت.

**No**.:19287
**Date**: August 19, 2024

ژمارە : ١٩٢٨٧
ڕێكەوت : ١٩ / ٨ / ٢٠٢٤

٢٧٢٤ كوردی

## ماوەی کڕدرنی نەخۆشیەکە:

- ماوەی کڕکردنی نەخۆشییەکە ٦-١٣ ڕۆژە (٥-٢١ ڕۆژ)، و هەوکردن و ئەگەری گواستنەوە بەردەوام دەبێت تا برینەکانی پێست چاك دەبنەوە.

## شێوازی گواستنەوەی نەخۆشییەکە:

١. بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ برینەکانی پێست.
٢. بەرکەوتن لەگەڵ شلەکانی جەستە.
٣. پژمین یان کۆکە (دڵۆپی هەناسەدان).
٤. ئامێر و جێگەی نوستنی کەس یان ئاژەڵی تووشبوو .
٥. حاڵاتی گواستنەوەی نەخۆشییەکە لە دایکی دووگیانەوە بۆ منداڵەکەی لە کاتی دووگیانیدا تۆمارکراوە.

- جۆرە جیاوازەکانی ئاژەڵ دەستنیشانکراون کە تووشبوون بە ڤایرۆسی ئاوەڵە. بەڵام هێشتا مێژووی سروشتی ڤایرۆسی ئاوەڵە نادیارە و لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویستە بۆ دیاریکردنی بەمەبەستی پاراستنی سوڕی ڤایرۆسەکە لە سروشتدا.
- خواردنی گۆشتی کەم کوڵاو و بەرهەمە ئاژەڵییەکانی تری ئاژەڵە تووشبووەکان بە هۆکارێکی مەترسیدار پێشبینیکراو دادەنرێت.

## پێناسەی پێوانەیی بۆ چاودێریکردنی نەخۆشییەکە لە ئێستادا، بە پشتبەستن بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی:

**حاڵەتی گومانلێکراو**: هەر کەسێک لە هەر تەمەنێکدا تووشی پەڵەی توندی پێست بووبێت لە شوێنێک کە پێشتر حاڵاتی تێدا تۆمار نەکراوە، لەگەڵ سەرئێشە، پلەی گەرمی > ٣٨ پلەی سەدی،هەڵئاوسانی گرێ لیمفاوییەکان، ئازاری ماسولکەکان، وە جەستە و ئازاری پشت و لاوازی توند ،لەگەڵ نەبوونی هیچ پشتڕاستکردنەوە یان ڕوونکردنەوەی ئەو پەڵەی توندی پێست وەک ئەم هۆکارانە : Varicella Zoster, Herpes Zoster, Measles, Zika virus, Dengue fever, Chikungunya, Herpes Simplex, Bacterial Skin infections, Dissemenated Gonococcus infection, Primary or Secondary Syphilis, Chancroid, Lymphogranuloma venreum, Granuloma inguinale, Molluscum contagiosum, ,یان هەستیاری کردن , allergic reaction یان هەر هۆکارێک کە پەڵەی Papular or vesicular

لەگەڵ تێبینی کە پێویست بە ئەنجامی تاقیگەیی نەرێنی ناکات بۆ ئەو نەخۆشیانەی سەرەوە بۆ پۆلێنکردنی حاڵەتەکە وەک حاڵەتێکی گومانلێکراو.

ژمارە : ١٩٢٨٧
ڕێکەوت : ١٩ / ٨ / ٢٠٢٤
٢٧٢٤ کوردی

**No.**:19287
**Date**: August 19, 2024

- **حاڵەتی ئەگەری** : هەر حاڵەتێکی گومانلێکراو کە یەکێک یان زیاتر لەمانەی خوارەوەی هەبێت: پەیوەندییەکی پەتازانی هەیە (بەرکەوتنی ڕووبەڕوو، لەوانەش کارمەندانی تەندروستی بێ پاراستنی چاو و هەناسەدان)؛ بەرکەوتنی جەستەیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ برینەکانی پێست ، لەوانەش بەرکەوتنی سێکسی، یان بەرکەوتن لەگەڵ کەل و پەلە پیسبووەکانی وەک جل و بەرگ، جێگەی نوستن، لەگەڵ حاڵەتێکی ئەگەری یان پشتڕاستکراوەی ئاوەڵە لە ماوەی ٢١ ڕۆژدا پێش دەرکەوتنی نیشانەکانی.
یان گەشتکردن بۆ وڵاتێک کە ئاوەڵەی مەیموون تێیدا بڵاوە لە ماوەی ٢١ ڕۆژدا پێش ئەوەی نیشانەکانی دەربکەون، یان لە ماوەی ٢١ ڕۆژدا پێش دەرکەوتنی نیشانەکانی چەندین جار جووتبوونی سێکسی هاوڕەگەزبازی یان دووڕەگەزی هەبووە، یان ئەنجامی پشکنینی سیرۆلۆژی پۆزەتیڤی هەیە بۆ ڤایرۆسی orthopoxvirus، بەبێ کوتان، بەهۆی نەخۆشیەکەوە لە نەخۆشخانە خەوێندراوە.
- **حاڵەتی پشتڕاستکراوە**: حاڵەتێکی گومانلێکراو یان ئەگەری پشتڕاستکراوەی تاقیگەیی ڤایرۆسی ئاوەڵە لە ڕێگەی دیاریکردنی زنجیرە ناوازەکانی DNAی ڤایرۆسی یان بە PCR و/یان ڕێکخستنی بۆماوەیی ڤایرۆسەکە.
- **حاڵەتی پشتگوێخراو**: حاڵەتێکی گومانلێکراو یان ئەگەری کە ئەنجامەکانی تاقیگە بە PCR و یان ڕێکخستنی بۆماوەیی ڤایرۆسی ئاوەڵە نێگەتیڤ دەرچووە.
- **پێویستە** گشتاندن بکرێت بۆ هەموو دامەزراوە تەندروستییەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانتان بۆ ئەوەی ئامادەبن لە ئەگەری ئەوەی نەخۆش هەبێت کە تووشی پەڵەیەکی نائاسایی پێست بووە کە گەشە دەکات بە چەند قۆناغێک لە دوای یەکدا - macule، papule، vesicle، blisters، scabs ، لە هەمان قۆناغی گەشەکردندا لەسەر هەموو شوێنە تووشبووەکانی جەستەی نەخۆش  کە دەردەچێت لەگەڵ نیشانەی تر وەک( تا، هەڵئاوسانی گرێ لیمفاویەکان، ئازاری پشت و ئازاری ماسولکەکان).
- گرنگیدان بە هۆشیاری تەندروستی لە سەرجەم دامودەزگا تەندروستییەکان وەک (بنکە و مەڵبەندەکانی تەندروستی ، ناوەندەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی سێکسی و یەکەکان نەخۆشییە گوازراوەکان، پزیشکانی منداڵبوون و ئافرەتان، میزەڵدان، بەشی فریاکەوتن و کلینیکەکانی پێست، هەروەها کارمەندانی تەندروستی و کارمەندانی تاقیگە، بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە و کۆنترۆڵکردنی پەتاکە لە ئەگەری ڕوودانی).

**No.**:19287
**Date**: August 19, 2024

٢٧٢٤ کوردی

ژمارە : ١٩٢٨٧
ڕێکەوت : ١٩ / ٨ / ٢٠٢٤

| Stage | Stage duration | Characteristics |
|---|---|---|
| Enanthem | | The first lesions to develop are on the tongue in the mouth |
| Macules | 1-2 Days | *Following the Enanthem, a macular rash appears on the skin starting on the face spreading to the arms and legs and then and then to the hands and feet, including the palms and soles<br>*the rash typically spreads to all parts of the body within 24 hours becoming most concentrated on the face, arms, & legs (centrifugal distribution) |
| Papules | 1-2 Days | By the third day of rash lesions have progressed from macular (flat)to popular |
| Vesicles | 1-2 Days | By the fourth to fifth day lesions have vesicular (raised and filled with clear fluid) |
| Pustules | 5-7 Days | By the sixths to seventh day, lesions have become pustules (filled with opaque fluid)- Sharply raised usually round and firm to the touch (deep seated) Lesions will develop a depression in the center (umbilication).<br>The pustules will remain for about a week before beginning to fall off. |
| Scabs | 7-14 Days | By the end of the second week, pustules have crusted and scabbed over.<br>Scabs will remain for about a week before beginning fall off. |

هەڵسەنگاندنی مەترسییەکانی نەخۆشییەکە بۆ گروپە جیاوازەکانی مرۆڤ، وەک:

| | Persons with multiple sexual partners, including some MSM | Broader population | Health professionals | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | HCWs | | Laboratory personnel | |
| | | | Proper PPE | Unprotected exposure | Proper procedure and PPE | Unprotected exposure |
| **Probability** | High | Very Low | Very Low | High | Very Low | High |
| **Impact** | Low | Low | Low | Low | Low | Moderate |
| **Overall risk** | **Moderate** | **Low** | **Low** | **Moderate** | **Low** | **High** |

مەترسییەکە لەوانەیە بۆ هەندێک کەس لە هەندێک لە گروپەکانی سەرەوە زیاتر بێت، بە تایبەتی منداڵانی زۆر بچووک، ژنانی دووگیان، کەسانی بەساڵاچوو یان کەسانی بەرگری لاواز.

**No.**:19287
**Date**: August 19, 2024

٢٧٢٤ كوردی

ژمارە : ١٩٢٨٧
ڕێکەوت : ١٩ / ٨ / ٢٠٢٤

## کاتێک گومانی حاڵەتێک هەبوو، پێویستە ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت:

١. دەستبەجێ هەر حاڵەتێکی گومانلێکراو ڕاپۆرت بکە بۆ هۆبەی نەخۆشییە هاوبەشەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانتان بە پێی فۆڕمی لێکۆڵینەوەی نەخۆشی (هاوپێچ)، و هەر وەها هۆبەی پەتاگەری بەپێی فۆڕمی هەواڵی دەستبەجێ unusual health event و دواتر بۆ سەنتەری کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گوازراوەکان، لەگەڵ گرتنەبەری ڕێوشوێنی جیاکردنەوە و خۆپاراستن لە تووشبوون بەو ڕێوشوێنانەی کە گیراوەتەبەر گونجاوە بۆ خۆپاراستن (IPC).
٢. لێکۆڵینەوە لە سەرچاوە ئەگەرییەکانی تووشبوون و بوونی حاڵەتێکی هاوشێوە لە نێوان بەرکەوتەکانی نەخۆشەکە، خێزان و کۆمەڵگا.
٣. وەرگرتن و هەڵگرتنی نموونەی تاقیگەیی لەگەڵ گرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆنترۆڵکردنی پەتاکە.
٤. لێکۆڵینەوە لە مێژووی نەخۆشەکە بۆ ماوەی نێوان( ٥-٢١ )ڕۆژ پێش دەرکەوتنی نیشانەکان.
٥. هەر نەخۆشێک کە گومانی تووشبوون بە ئاوەڵەی مەیموونی لێ دەکرێت پێویستە جیا بکرێتەوە ، لە سەرەتای قۆناغەکانی نەخۆشیەکە ودواتر لە کاتی دەرکەوتنی پەڵەکانی پێست .
٦. دەبێت ڕێکارەکانی تەندروستی گشتی جێبەجێ بکرێن کاتێک نەخۆشێکی گومان لێ کراو دەبێت.
٧. دەبێت بەدواداچوون بکرێت لە ئەگەری بوونی حاڵەتی هاوشێوە لە بەرکەوتەی نەخۆشەکە.

## بەرکەوتەکان و چۆنێتی بەدواداچوونیان:

پێناسەی بەرکەوتن (لەو ماوەیەی کە لە دەرکەوتنی یەکەم نیشانەکانی حاڵەتی سەرچاوە دەست پێدەکات و کۆتایی دێت کاتێک هەموو پەڵەکان دەکەون و نامێنن) : هەر کەسێک کە یەکێک یان زیاتر لەم بەرکەوتنانەی خوارەوەی هەبووبێت لەگەڵ حاڵەتێکی ئەگەری یان پشتڕاستکراوەی ئاوەڵە.

١. بەرکەوتنی ڕووبەڕوو (وەک کارمەندانی چاودێری تەندروستی کە کەرەستەی خۆپارێزی کەسی بە دروستی بەکاریان نەهێناوە).
٢. بەرکەوتنی جەستەیی ڕاستەوخۆ، لەوانەش بەرکەوتنی سێکسی.
٣. بەرکەوتن لەگەڵ کەرەستەی پیس وەک جل و بەرگ یان جێگەی نوستن.

**دیاریکردنی شوێنی بەرکەوتەکان**: دەتوانرێت لە ناو خێزان، شوێنی کار، قوتابخانە، باخچەی ساوایان، داینگە، پەیوەندییە سێکسییەکان، چاودێری تەندروستی، شوێنەکانی پەرستن، گواستنەوە، وەرزش، کۆبوونەوە

No.:19287
Date: August 19, 2024

ژمارە : ١٩٢٨٧
ڕێکەوت : ١٩ / ٨ / ٢٠٢٤
٢٧٢٤ کوردی

کۆمەڵایەتییەکان و هەر شوێنێکی تردا بگەڕێن. و دەتوانرێت لیستی ئامادەبووان، داتای سەرنشینەکان ... هتد بۆ ناسینەوەی بەرکەوتەکان بەکاربهێنرێت.

## چاودێریکردنی بەرکەوتنەکان:

- پێویستە ڕۆژانە چاودێری بکرێن بۆ نیشانەکان بۆ ماوەی ٢١ ڕۆژ لە دوایین جار دوای بەرکەوتن لەگەڵ نەخۆشێک یان ماددە پیسبووەکانیان لە ماوەی تووشبوونەکەدا.
- نیشانەکانی بریتین لە: سەرئێشە، تا، لەرز، قورگ ئێشە، بێزاری، ماندوێتی و پەڵەی نەخۆشی پێست و لیمفەگرێکان.
- پێویستە ڕۆژانە دوو جار چاودێری پلەکانی گەرما بکرێت.
- بەرکەوتووەکان (کە نیشانەیان نییە) نابێت خوێن، خانە، شانە، ئەندامەکان، یان شیری دایک ببەخشن لەکاتێکدا چاودێری دەکرێن بۆ نیشانەکانی نەخۆشییەکە.
- بەرکەوتنی بێ نیشانە دەتوانرێت بەردەوام بێت لە چالاکییە ڕۆتینیەکانی ڕۆژانە (وەک چوونە سەرکار و چوونە قوتابخانە، بۆ نموونە پێویست بە کەرەنتینە ناکات)، بەڵام دەبێت بە درێژایی ماوەی چاودێریکردن لە نزیکماڵەوە بمێنێتەوە. و هەروەها باشترە مناڵانی پێش قوتابخانە دوور بخرێتەوە لە باخچەی ساوایان یان داینگە و شوێنی قەرەباڵغی مناڵان.
- بەپێی توانا و سەرچاوە مرۆییە بەردەست. دەتوانرێت بە سێ شێوە چاودێری بەرکەوتەکان بکرێت: Passive, Active, Direct.

**Passive**: بەرکەوتەکان زانیاریان پێ دەدرێت سەبارەت بە نیشانەکان بۆ چاودێریکردنی خۆیان و ڕێنماییان پێدەدرێت کامە چالاکی ڕێگەپێدراوە و چۆنێتی پەیوەندیکردن بە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە لە کارمەندانی تەندروستی لەکاتی دەرکەوتنی هەر یەک لە نیشانەکان

**Active**: کارمەندانی تەندروستی گشتی بەرپرسیارن دەبن لە بەدواداچوون و دەبێت ڕۆژانە جارێک پەیوەندی بکەن بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا ئەو کەسەی چاودێری دەکرێت و نیشانەکانی هەیە یان نا.

**Direct**: کە تێیدا سەردانێکی نەخۆشەکە بکرێت یان پشکنینی جەستەیی لەخۆدەگرێت ، بە شێوەیەکی بینینی پەڵەکانی پێست لە ڕێگەی ڤیدیۆوە یان بۆ گەڕان بەدوای نیشانەکانی تری نەخۆشییەکە.

No.:19287
Date: August 19, 2024

ژمارە : ١٩٢٨٧
ڕێکەوت : ١٩ / ٨ / ٢٠٢٤
٢٧٢٤ کوردی

- ئەگەر بەرکەوتووەکە تووشی پەڵە بوو، پێویستە جیا بکرێتەوە و وەک حاڵەتێکی گومانلێکراو هەڵسەنگێندرێت، هەروەها نمونەیەکی لێ وەربگیرێت بۆ پشکنینی تاقیگەیی بۆ نەخۆشی ئاوەڵە.
- ئەو کەسەی کە نیشانەی سەرەتاییەکانی دیکە جگە لە پەڵە دروست دەبێت، پێویستە جیا بکرێتەوە و لە نزیکەوە چاودێری بکرێت بۆ نیشانەکانی پەڵە بۆ ماوەی ٧ ڕۆژی داهاتوو. ئەگەر پەڵە دەرنەکەوت، بەرکەوتەکە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ چاودێریکردنی پلەی گەرمی بۆ ئەو ٢١ ڕۆژەی کەماوە.

## چاودێریکردنی کارمەندانی تەندروستی کە بەرکەوتنیان هەیە:

- هەر کارمەندێکی تەندروستی یان ئەندامێکی خێزانەکەی کە چاودێری کەسێکی کردبێت کە ئەگەری تووشبوون بە ئاوەڵە یان پشتڕاستکراوە، پێویستە ئاگادار بێت لەو نیشانانەی کە ڕەنگە بە هۆی تووشبوون بەو نەخۆشییە بێت، بەتایبەتی لە ماوەی ٢١ ڕۆژدا دوای دوا بەرواری چاودێری.
- کارمەندانی تەندروستی پێویستە بەرپرسی نەخۆشییە گوازراوەکان و کۆنترۆڵکردنی هەوکردن ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێنمایی بکرێن لەسەر هەڵسەنگاندنی پزیشکی.
- ئەو کارمەندە تەندروستیانەی کە بەرکەوتنی نەپارێزراویان هەبووە، واتە PPEی گونجاویان لەبەر نەکردووە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە تووشی ئاوەڵە یان ماددە پیسبووەکان بوون، پێویست ناکات لە ئەرکی کارکردن دەربهێنرێن ئەگەر نیشانەکانیان نەبێت، بەڵام پێویستە چاودێری چالاکیان بۆ بکرێت بۆ نیشانەکان، کە بریتییە لە وەرگرتنی پلەی گەرمییان دوو جار ڕۆژانە بۆ ماوەی ٢١ ڕۆژ دوای بەرکەوتن پێش ئەوەی هەموو ڕۆژێک بێتە سەر کارەکەی، پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ کارمەندی تەندروستی بکرێت سەبارەت بە هەر نیشانەیەکی پەیوەندیدار وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە.
- ئەو کارمەندانەی چاوەدێری تەندروستی کە چاودێری یان بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ نەخۆشانی ئاوەڵە کردووە لەکاتێکدا پابەندن بە ڕێوشوێنی پێشنیارکراوی خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی هەوکردن، لەوانەیە پێویستیان بە چاودێریکردنی خۆیان بێت یان چاودێری چالاک بە پێی ڕێنمایی نەخۆشییە گوازراوەکان لە شوێنی کار.
- کوتانی دوای بەرکەوتن (پێویستە لە ماوەی چوار ڕۆژدا لە بەرکەوتن) بۆ ئەو کەسانەی کە مەترسی زۆریان لەسەرە وەک کارمەندانی تەندروستی، لەوانەش کارمەندانی تاقیگە، کاتێک ڤاکسینەکە بەردەستە و بەپێی دۆخی پەتازانیی.

ژمارە : ١٩٢٨٧
ڕێکەوت : ١٩ / ٨ / ٢٠٢٤
٢٧٢٤ کوردی

**No.**:19287
**Date**: August 19, 2024

## ڕێوشوێنی گشتی خۆپارێزی:

١. دوورکەوتنەوە لە کۆبوونەوەی بەکۆمەڵ تا ئەو کاتەی میکانیزمی وردی گواستنەوەی ڤایرۆسی ئاوەڵە دیار دەبێت و گرنگە بزانین کە ئەو ڕێوشوێنە خۆپارێزییە گشتیانەی کە پێشنیارکراون دژی کۆڤید-١٩، هەروەها پێشبینی دەکرێت تاڕادەیەکی زۆر لە گواستنەوەی ڤایرۆسی ئاوەڵە بپارێزێت.

٢. هەر کەسێک پێناسەی حاڵەتی گومانلێکراو، ئەگەری یان پشتڕاستکراوە کە لە سەرەوە بە وردی باسکراوە بەدی بهێنێت، دەبێت خۆی دوور بخاتەوە لە پەیوەندی نزیک لەگەڵ هەر کەسێکی تر و نابێت بەشداری کۆبوونەوە گەورەکان بکات.

٣. ئەو کارمەندە تەندروستیانەی کە چاودێری ئەو نەخۆشانە دەکەن کە گومانی تووشبوون بە ئاوەڵە یان پشتڕاستکراوە، پێویستە ڕێوشوێنی خۆپارێزی ستانداردی بەرکەوتن و دڵۆپەکان لە هەموو دامەزراوە تەندروستییەکان جێبەجێ بکەن ، لەوانەش خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکارییەکان و نەخۆشخانەکان.

ڕێوشوێنە ستانداردەکانی خۆپارێزی بریتین لە پابەندبوونی توند بە پاکوخاوێنی دەست و مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ ئامێرەپزیشکییە پیسبووەکان، جل شۆر، پاشماوە، پاککردنەوە و و پاکژکردنەوەی ڕووی شوێنەکان.

٤. جیاکردنەوەی دەستبەجێی حاڵەتە گومانلێکراوەکان یان پشتڕاستکراوەکان پێویستە لە یەک ژووردا بۆ هەر نەخۆشێک جێبەجێ بکرێت کە هەواگۆڕکێی گونجاو و گەرماوێکی دیاریکرای هەبێت.

پشتڕاستکراوە لەگەڵ پشتڕاستکراوە و گومانلێکراو لەگەڵ گومانلێکراو دەتوانرێت تێکەڵ بکرێت لە ئەگەری بەردەست نەبوونی ژووری تاک کەسی، لەگەڵ دڵنیابوون لە دووری لانیکەم یەک مەتر لە نێوان نەخۆشەکاندا.

٥. کەرەستەی خۆپارێزی کەسی پێشنیارکراوی (PPE) بریتین لە دەستکێش، جل و بەرگ، ماسکی پزیشکی و پاراستنی چاو – چاویلکە یان قەڵغانی دەموچاو.

٦. هەروەها پێویستە داوا لە نەخۆش بکرێت کە دەمامکی پزیشکی ببەستێت کاتێک بەرکەوتنی نزیک (کەمتر لە ١ مەتر) لەگەڵ کارمەندانی تەندروستی یان نەخۆشانی تر، ئەگەر بەرگەی ئەمە بگرن.

٧. پێویستە کەرەستەی خۆپارێزی کەسی فڕێ بدرێت پێش ئەوەی ئەو شوێنەی جیاکردنەوەیە بەجێبهێڵرێت کە نەخۆشەکەی تێدایە.

٨. ئەگەر ڕێکارەکانی (Aerosol producing procedure) (وەکوو aspiration, Bronchoscopy, intubation، یان CPR )پێویست بن بە هەر هۆکارێک بێت و نەتوانرێت دوابخرێن، وەک پراکتیکی ستاندارد، پێویستە ئامێری

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Health

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الصحة
المديرية العامة للأمور الصحية

ژمارە : ١٩٢٨٧
ڕێکەوت : ١٩ / ٨ / ٢٠٢٤
٢٧٢٤ کوردی
**No.**:19287
**Date**: August 19, 2024

هەناسەدانی FFP2 لەبەر بکرێت یان EN یان N95 لەلایەن کارمەندەکانی چاودێری تەندروستی لەبری ماسکی پزیشکی.

٩. پێویستە ڕێوشوێنی خۆپارێزی لە جیاکردنەوە و خۆپاراستن لە هەوکردن بەردەوام بێت تا نیشانەکان چاک دەبنەوە، لەوانەش نەمانی هەر پەڵەیەکی پێست و توێکڵەکان(تیفلەکان) و چاکبوونەوەیان.

١٠. بەهۆی ئەوەی نەخۆشییەکە لە جۆرە جیاوازەکانی ئاژەڵدا تۆمارکراوە، پێویستە پزیشکانی ڤێتێرنەری هەموو ئەو ئاژەڵانە لەبەرچاو بگرن کە مەترسی تووشبوونیان بەو نەخۆشییە هەیە و دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵەکاندا بکەن، بەتایبەتی سمۆرە و قرتێنەرەکان کە لە ئەفریقیا هاوردە دەکرێن.

١١. ئەو بەرهەمانەی کە لە ئاژەڵەوە وەرگیراون، وەک ئەو فڵچەی کە مووی ئاژەڵ و پێستی ئاژەڵ بەکاردەهێنن، پێویستە بە شێوەیەکی دروست دروستی بکەن بۆ ئەوەی تووش بوون نەبێت بەم شێوەیەی، ناچالاککردنی ڤایرۆس بە گەرمی لە ڕێگای گەرم کردن بۆ پلەی گەرمی سەرووی ٧٠ پلەی سەدی یان بیخرێتە ناو ئاوی کوڵاو بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ خولەک و لە ٢٪ فۆرماڵدیهایددا هەڵبگرە.

## ڕێوشوێنی تایبەتی دەرمانی دژە ڤایرۆسی

وەکو Tecovirimat کە پەسەندکراوە بۆ ئاوەڵە، بەڵام هێشتا بە شێوەیەکی فراوان بەردەست نییە، و لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدایە بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت کە نیشانە توندەکانیان هەیە یان لەوانەیە هەبن لە مەترسی دەرئەنجامە خراپەکاندا وەک ئەوانەی بەرگریان لاوازە.

**تێبینی:** ڕێنماییەکان نوێ دەکرێنەوە کاتێک زانیاری نوێکراوە لە سەرچاوە پەسەندکراوەکانەوە وەربگیرێت.

لەگەڵ ڕێزدا.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**
**٢٠٢٤/٨/١٩**

**وێنەیەک بۆ:**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری تەندروستی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی ناوخۆ /نووسینگەی بەرێز وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی کشتووکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ نووسینگەی بەرێز وەزیر/ بۆ زانین و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن/ نووسینگەی بەرێز وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.

**No.**:19287
**Date**: August 19, 2024

٢٧٢٤ كوردی

ژمارە : ١٩٢٨٧
ڕێکەوت : ١٩ / ٨ / ٢٠٢٤

- پارێزگای هەولێر/ سلێمانی/ دهۆك/ هەڵەبجە/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان/ سۆران/ ڕاپەڕین/ زاخۆ / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- خالە سنوریەکانی ابراهیم خلیل/ باشماغ/ حاجی ئۆمەران/ پەرویزخان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر/ سلێمانی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەشی نەخۆشیە گوازراوەکان/ لەگەڵ بەراییەکان لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.